بەیانامەی گروپی ڕاچەنین

# بەبۆنەی کەمکردنەوەو بڕینی کۆمەکی حکومەت بۆ میدیای ئازاد

ئێمە وەك ڕۆژنامەنوسانی گروپی ڕاچەنین زۆربەسەرسامیەوە دەڕوانینە ئەوبڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبڕین وکەمکردنەوەی کۆمەك وبەخشینی ئەوبڕەپارەیەی بۆپشتیوانی لەمیدیای ئازاد تەرخانی کردبوو،دیسان بەوەش سەرسام بووین کەوەك جارانی پێشو سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لەبەرامبەر ئەم بڕیارەدا بێهەڵویستوو بێ ورتە ماوە تەوە لە کاتێکدا میدیای ئازاد لە ئەمڕۆی کوردستاندا لەسەرە تای سەر ڕێگرتنی دایەو پێویستە لە هەرکات زیاتر پشتیوانی بکرێت و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە دروشمی ئازادی ڕۆژنامەگەری و کۆمەڵگەی مەدەنی بەرزکردۆتەوە لە هەرلایەنێکی دیکە زیاتر ئەم پشتگیرییە بکات .

بەڵام بەدا خەوە لەگەرمەی قەیرانی ئابووری و دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ، حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەی خێرا پەنای بردە بەر بڕینی ئەو بە خشینە (مینحە) یەی کە بۆپشتیوانی لەمیدیای ئازاد تەرخانی کردووە ، ئێمە ئەم هەنگاوەی حکومەت بەمەترسی بۆسەر ئازادی ڕۆژنامە گەری لەکوردستان و بە تایبەتیش میدیای ئازاد دادەنێین کە بەهۆی ئەم بڕیارەوە لە ئێستادا چەندان ڕۆژنامەی ئازاد لەدەرچون وەستاون و ئەوانیتریش لە بەردەم هەڕەشەی دەرنەچوون و بلاّو کردنەوەدان بەمە ش سەدان ڕۆژنامە نووس بێکاردەبن و ئەوڕۆژنامەو گۆڤارانەش کەدەنگێکی ئازادی تربون لەم وڵاتەدا بێدەنگ دەبن ، ئەمە لەکاتێکدایە کەدەیان ڕۆژنامەو کەناڵی حیزبی ترهەن کەسەدان وبگرەملیارە ها دیناریان لە بودجەی حکومەتی هەرێم بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆخەرجدەکرێت کەمکردنەوە و بڕینی کۆمەك و پاڵپشتی ماڵی میدیای ئازاد هاو کاتە لەگەڵ کردنەوە و بە کارخستنی چەندان سایت و ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی تە لەفزیۆنی لۆکاڵی و ئاسمانی نوێ کە حیزبە حکومڕانە کانی کوردستان بە پارەو داهاتی هەرێمی کوردستان بەگەری دەخن بۆگەیاندنی پەیامی تایبەتی و حیزبی و ئایدەلۆژی خۆیان تەخشان و پە خشان دەکەن . بۆیە ئێمە وەك ڕۆژنامەنوسانی گوروپی ڕاچەنین داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بەگرنگیەوە بڕوانێتە میدیای ئازاد و بە بەرپرسیارێتیەوە مامەڵە لەگەڵ ئیستاو ئایندەی میدیای ئازاد لەکوردستاندا بکات و بەو بڕیارەی ئیستایدا بچێتەوە کە پێچەوانەی بەڵێنەکانی پێشوی خۆ یەتی لەپشتیوانی کردنی میدیای ئازاد هەرلێرەشەوە داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەین کەپێوەرێکی زانستی بۆدەرچواندیڕۆژنامەو پە خش و بلاّو کردنەوە دابنێتوو سنورێك بۆ بێسەرو بەری پەخش بلاّوکردنەوە و ڕۆژنامە گەرێتی دابنێت داواش لەسەرجەم ڕۆژنامە نوس و ڕۆشنبیرو دۆستانی میدیای ئازاد لەکوردستان دەکەین هەر کەس بەڕێگاو شێوازی خۆی فشار بخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپیناوی چاوخشاندنەوە بەو بڕیارەی دا و پاڵپشتی کردنی میدیای ئازاد، دەبوو حکومەت لەبری کەمکردنەوەی مینحەی میدیای ئازاد پە نای ببردایە تەبەر کەمکردنەوە و بڕینی دیوەخانانە و بودجە و موچەی پەرلەمانتار و وەزیر و مەسئولەکانی حکومەت و ئاغا و سەرۆك عەشیرەتەکان و نەهێشتن و بنەبڕکردنی گەندەڵی دارایی و ئیداری لە دامودەزگاکانی حکومەتدا ، دەبێ ئەوەش بزانرێت کە هەموو ئەو کۆمەك و بەخشینە ماڵییەی بە میدیای ئازاد دەدرا لە بودجەی چەند وەزیر و پەرلەمانتارێك و نەسرییەی وەزارەتێك زۆر کەمتربوو ،

گەر دەمانەوێت کۆمەڵگەیەکی بارگاوی بە زانیاری و وشیاری و بە ئاگا و مۆدێرن بێنینە ئاراوە دەبێت لە گرنگی میدیبا و بە تایبەتیش میدیای ئازاد بگەین .

گروپی ڕاچەنین ئەمجارەش لە بێدەنگی و بێهەڵوێستی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەرامبەر ئەم بڕیارەی حکومەت کە واتای قایلبوون بە بڕیارەکە دەگەیەنێت ، بە ئەرکی خۆی دەزانێت هەڵوێست وەربگرێت و بەرگری لەو دەیان ڕۆژنامەنووسە بکات کە بەهۆی ئەم بڕیارەوە زیاندمەند و بێکاردەبن و بەرگریش لەو ڕۆژنامانە بکات کە دەیانەوێت ڕای گشتی لە کوردستان بکەن و بەمجۆرەبڕیارانە بەریان پێ دەگیرێت .

گروپی ڕاچەنین

2007/8/16